# لاپەڕەیەك لە ژیانی

# د. حەبیبوڵڵا ئیسماعیلزادەی موکری

سەید محەمەد سەمەدی



د. حەبیبوڵڵا ئیسماعیلزادە، کەسایەتییەکی بە ئیرادە و خۆڕاگری کورد بووە کە پتر لە هەشتا ساڵ لەمەوبەر، لە پلەیەکی زۆر خوارووی تەمەندا، ناشارەزا و نابەڵەد، بە دەستی بەتاڵ و دڵێکی گەورە و پڕ لە هیوای دوارۆژ، مەهاباد بەجێدێڵێ و بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕوو دەکاتە ئەورووپا و ئەمریکا. کەند و کۆسپی گەورەی دێتە سەر ڕێگا، بەڵام ئیرادەی ئەو زۆر لە کەند و کۆسپەکان گەورەتر دەبێ، بۆیە بەسەر هەموو گرفتەکاندا زاڵ دەبێ و سەرکەوتووانە بە نیازی خزمەتی پزیشکی دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. بەڵام کاربەدەستانی ئەو سەردەم ئیزنی کاری لە کوردستان پێنادەن و مەرجی بۆ دادەنێن کە لە تاران یا یەکێك لە شارە گەورەکانی ئێران دانیشێ. ناچار ڕوو دەکاتەوە هەندەران و تا دوایی تەمەن لەوێ دەمێنێتەوە.

⋆ ⋆ ⋆

ئیسماعیلزادەکانی مەهاباد، کە بە بنەماڵەی « ئاغا تەها » ناسراون، زۆربەیان ئەدیب و خەتخۆشن. خەتخۆشی هونەری تایبەتیی ئەو بنەماڵەیە کە لە ئاغا تەهای باپیرەگەورەیانەوە پشت بە پشت هاتووە. « ئاغا تەها » لە ئەدەبی فارسیدا دەسەڵاتێکی باشی بووە و دەگێڕنەوە؛ کاتێك ناوبانگی خەتخۆشیی ئاغا تەها بە حاکمی وەختی ساباڵغ گەیشتووە، بە شوێنیدا ناردووە و سەیری دەستومەشق و خەتتەکەی کردووە. حاکم زۆر جار کاری نووسینی هەندێ بابەت و پێویستییەکانی خۆی دەخستە سەر شانی مونشییەکانی. لەم دیدارەشدا ئەرکی نووسینی بابەتێك بە ئاغا تەها دەسپێرێ و زۆرتریش مەبەستی ئەوە دەبێ کە توانایی ئەو لە بواری ئەدەبیدا تاقی بکاتەوە. چونکە مێژوویەك بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکە دیاری ناکا، ئاغا تەها ئەمرۆ سبەی بە کارەکە دەکا و دەیهێڵێتەوە بۆ دەرفەتێکی باشتر، تا بە سەبر و حەوسەلەوە بینووسێ. ئەوە دەبێ کە پاشی چەند ڕۆژ، کاتێك لە دیوەخانی حاکم دانیشتنێك دەبێ و ئاغا تەهاش لەوێ دەبێ، حاکم ڕوو لە ئاغا تەها دەکا و دەڵێ: ئایا ئەو کارەی پێم ئەسپاردبووی ئەنجامت داوە؟ ئاغا تەهاش کە بە دابی خەتخۆشەکانی ئەو سەردەم، هەمیشە کاغەز و قەڵەمدانی لە باغەڵدا دەبێ، پەڕە کاغەزێك دەردێنێ و لەسەر هەمان بابەت کە حاکم داوای کردبوو دەست دەکا بە خوێندنەوە. ڕستە لە ڕستە جوانتر و دێڕ لە دێڕ ڕازاوەتر، ئاغا تەها درێژە بە خوێندنەوەی بابەتەکە دەدا تا دوایی. حاکم و دانیشتووانی دیوەخان سەریان لەو ئینشا بەقووەتە سووڕ دەمێنێ و ئافەرینی دەسەڵات و توانایی ئاغا تەها دەکەن. ئەمجار حاکم داوای کاغەزەکە دەکا و ئاغا تەها هەڵدەستێ و کاغەزەکەی دەداتە دەست. بەڵام حاکم بە دیتنی کاغەزەکە پتر سەری سووڕ دەمێنێ، چونکە تەواو سپییە و تاکە وشەیەك چییە لە سەری نەنووسراوە! کاتێك حاکم پرسیاری ئەم ڕازە دەکا، ئاغا تەها بە داوای لێبووردنەوە دەڵێ: ئەوەی ڕاستی بێ، داواکارییەکەتانم لە بیرم نەمابوو، بۆ ئەوەش شەرمەزارتان نەبم، چاوم لەو کاغەزە سپییە بڕی و ئەوەی بە ڕواڵەت دەمخوێندەوە،

هەر ئێستا لەخۆمەوە ڕێکم خست. حاکم کە ئەوە دەبیسێ، ئافەرینی دەکا و دڵێ: بە ڕاستی، تۆ نیشانت دا کە هەم جەماڵی خەتت هەیە و هەم کەماڵی ئەدەب.

کوڕانی ئاغا تەها خەتخۆش بوون و لە بنەماڵەی ئیسماعیلزادەدا گەلێك دەفتەری کۆن و دەستنووس و کەشکۆڵی بە کەڵك هەیە کە گەنجینەیەکی بایبداری ئەدەبیان تێدا پارێزراوە و سوودێکی زۆر بە ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کورد دەگەیەنن.

★ ★ ★

د. حەبیبوڵڵای ئیسماعیلزادەی موکری، ناسراو بە دوکتور حەبیبی موکری، چوارەمین ئەولادی میرزا سمایلی ئاغاتەها، ساڵی ۱۲۷۴ی هەتاوی (= ۱۸۹۵ی.ز) لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی بە شێوەی سەردەمی خۆی، لە مەهاباد تێپەڕ کرد و لەگەڵ براکانی؛ حەمەدەمین و عەبدوڵڵا دەستی دایە کار و باری بازاڕ و بە وێنەگرییەوە خەریك بوو. بەڵام ئەو ڕوحێکی سەرکێش و نائارامی هەبوو و نەیدەتوانی هەر لەو چوارچێوە تەنگەبەرەدا بمێنێتەوە. لە دەستکورتی خۆی و دوورەپەرێزیی شارەکەیدا، سەودای سەفەری وڵاتانی دوور و خوێندنی بەرزی لە کەللەدا بوو. هەموو کاتێك ئەو سەودایە لەگەڵی دەژیا و لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی بۆ دەدا. تا لە یەکێك لە ڕۆژەکانی ئاوریلی ساڵی ۱۹۲۳ کە تەمەنی ۲۸ ساڵان بوو، نامەیەکی بۆ میرزا جەوادی قازی نووسی، کە ئەو دەم ماوەی بیست ساڵ بوو لە ئاڵمان دەژیا؛ چونکە لە ۱۹۰۳وە لەگەڵ ئۆسکارمان ڕۆیشتبووە ئەو وڵاتە و لە بەشی مافدا خوێندنی بەرزی تەواو کردبوو و لە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمان کاری دەکرد. حەبیب لەو نامەیەدا هەندێ پرسیاری لە بابەت چۆنییەتیی ژیان و خوێندنی ئەورووپا لە میرزا جەواد کردبوو. میرزا جەوادیش بە گەیشتنی نامەکە ئەو جۆرەی لە کەسایەتییەکی تێگەیشتووی بنەماڵەیەکی بەڕێز دەوەشێتەوە، وەڵامێکی زۆر پوخت و دڵخۆشکەرە و پڕ لە هیوای دواڕۆژی بۆ ڕەوانە کردبۆوە و ئامادەیی خۆشی بۆ هەر چەشنە یارمەتییەك پێڕاگەیاندبوو. ( دەقی وەڵامەکەی میرزا جەواد بە وەرگێڕانی کوردییەوە، بە وێنەی دەستخەتتەکەش لە دوایی ئەم وتارەدا هاتووە. ) حەبیب بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە خەریکی خۆتێکنان و ڕێكوپێككردنی کارەکانی دەبێ و خەونی سەفەری ئاڵمان و بەرلین دەبینێ؛ بەڵام چ ڕاست و بەجێ گوتوویانە: چارەنووس بە تەگبیری مرۆڤ پێدەکەنێ. ئەمجارەش چارەنووس ڕێگایەکی کێشابوو کە حەبیب هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتبوو. بە هەڵکەوت، پزیشکێکی ئەمریکی ڕێی لە مەهاباد دەکەوێ و ماوەیەك لەو شارە دەمێنێتەوە و بە دیتنی خەڵکی نەخۆش و دەردەدار و چارەسەر کردنیانەوە خەریك دەبێ. لەو ماوەیەدا حەبیبیش وەك بەردەست و یارمەتیدەر هاوکاری دەکا. دوکتۆر زۆری خۆشی لەو گەنجە وریا و ماندوویی نەناسە دێت و ئاگاداری ئاواتەکانیشی دەبێ کە پێویە بچێتە ئاڵمان و پزیشکی بخوێنێ. بەم بۆنەیەوە پێشنیاری پێدەکا و پێی دەڵێ: تو لاوێکی زیرەکی و بێشك سەرکەوتوو دەبی؛ منیش منداڵم نییە و وەجاغ کوێرم. بە مەرجێك خۆت ڕازی بی، تۆ کوڕی منی و لەگەڵم دێیە ئەمریکا و دەرس دەخوێنی و دەبییە پزیشکێکی لێهاتوو و خزمەتگوزار. حەبیب تکا لە میرزا سمایلی باوکی دەکا کە ئیزنی بدا. میرزا سمایل وەك باوکێکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو ئیزنی سەفەری پێدەدا و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخوازێ، بەڵام لە ڕوانگەی ڕێز و سەرۆکایەتییەوە، کوڕەکەی ڕادەسپێرێ کە بە خزمەت شێخ عەبدولقادری گەیلانی بگا و لە نیازی خۆی تێبگەیەنێ و گوێ بۆ پەند و ئامۆژگارییەکانی ڕادێرێ. شیاوی باسە کە ئێستا و بە تایبەت ئەو سەردەمیش خەڵکی مەهاباد ڕێزێکی تایبەت بۆ بنەماڵەی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی دادەنێن و ئاگاداری هەستی پاکی نەتەوایەتیی ئەو بنەماڵەیە هەن. حەبیب چاوی بە شێخ دەکەوێ و لە نیازی خۆی تێدەگەیەنێ. شێخ پێی دەڵێ: کوڕم، من لە ڕوخساری تۆدا غیرەت و لێهاتوویییەکی گەورە دەبینم. بڕۆ، بە خودات دەسپێرم،

بەڵام بەڵێنیی ئەوەم پێبدە کە پاشی تەواو کردنی خوێندنەکەت بگەڕێیەوە زێدی خۆت و خزمەت بەو خەڵکە لێقەوماو و بێکەسە بکەی. حەبیب بەڵێنی بە شێخ دەدا و دەگەڕێتەوە مەهاباد و چەند ڕۆژ دوایە لەگەڵ دوکتۆر بە نیازی گەڕانەوە بۆ ئەمریکا ڕوو لە ئەستەنبوڵ دەکەن. گەیشتنی وان بە ئەستەنبوڵ هاوکات دەبێ لەگەڵ بشێوی و نائارامییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە. بەو بۆنەوە ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێننەوە و لەو ماوەیەدا دوکتۆر نەخۆش دەکەوێ و زۆری پێناچێ کە بە نەخۆشیی سەتڵوجەم (ذات الريه) کۆچی دوایی دەکا. دوکتۆر کە بەر لە مردنی، پێشبینیی مەرگی خۆی دەکا، هەموو کەلوپەلەکانی لەگەڵ نامەیەك بۆ هاوسەرەکەی دەدا بە حەبیب و ڕایدەسپێرێ کە ئەگەر هاتو لەو نەخۆشییە هەڵنەستاوە، ئەو خۆ بگەیەنێتە ناونیشانی ماڵی دوکتۆر لە ئەمریکا. حەبیب پاشی دوکتۆر، ماوەیەك لە ئەستەنبوڵ دەمێنێتەوە و چاوی بە دوکتۆر مستەفا شەوقی ( قاضی‌زادە)، دۆست و هاوشاریی قەدیمی خۆی دەکەوێ و یارمەتی لێدەخوازێ. دوکتۆر مستەفا شەوقی ڕێزێکی زۆر لە حەبیب دەگرێ و بە هەر کوێرەوەرییەك دەبێ لە ئەستەنبوڵ دەرباز و ڕەوانەی ئەمریکای دەکا. شەرحی ئەم بەشە لە سەفەری ئەو لاوە گەنج و کەم ئەزموونە، زۆرتر وەك داستانێکی ئەفسانەیی دەچێ. بەڵام ئاخری خۆ دەگەیەنێتە ماڵی دوکتۆر لە شیکاگۆ. ژنی دوکتۆر کە لە سەرجەمی بەسەرهاتەکە تێدەگا، بەخێرهاتنی حەبیب دەکا و دەڵێ: تۆ کوڕی منی و چرای بنەماڵەکەمانی. ئیدی هەر لەو شارە دەست بە خوێندن دەکا و هەنگاو بە هەنگاو خۆ دەگەیەنێتە زانستگا، تا لە ساڵی ۱۹۳۶ بە پلەی یەکەم شەهادەی دوکتۆریی چاو وەردەگرێ. هەر لەو ساڵەدا، بە پێی بەڵێنییەکی پێشتر دابووی، دەگەڕێتەوە وڵات و لە تاران داوای ئیزنی کار دەکا. وەڵامی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەوە دەبێ کە ئەو تەنیا دەتوانێ لە تاران یا یەکێك لە شارە گەورەکانی ئێران کار بکا، جگە لەوە، ئیزنی کاری نە لە مەهاباد و نە لە هیچکام لە شارەکانی کوردستان پێنادرێ. هەوڵەکانی د.حەبیب لەو بارەدا بە هیچ کوێ ناگا و ناچار بڕیار دەدا سەردانێکی خزم و کەسەکانی لە مەهاباد بکا و بگەڕێتەوە شیکاگۆ. میرزا حەمەدەمینی برای و مەلا ئەحمەدی تەوحیدی بەرەو پیلی دەچنە تاران و دەیهێننەوە مەهاباد. د.حەبیب ماوەی دوو مانگ لە مەهاباد دەمێنێتەوە و چاوی بە کەس و کار و دۆست و ئاوالانی ڕوون دەبێتەوە و بەردەوامیش نەخۆش دەبینی و چارە و ڕێنموونیی پێویستیان دەکا. ئەمجار ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و دەگەڕێتەوە ئەمریکا و لە نەخۆشخانەیەکی شاری شیکاگۆ دەست بە کار دەکا. دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ کچێکی ئەمریکی زەماوەند دەکا و بەرهەمی ژینی هاوبەشی تەنیا کچێك دەبێ بە ناوی **جۆی**، کە د.حەبیب هەر بە **پەروین** بانگی دەکا. جۆی ئێستا لە ئەمریکا دەژی و دوو کچی هەیە. هاوسەری د.حەبیب لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و ماوەیەك دوایە دوکتۆر ژنی دووهەم دێهێتەوە. ژنی دووهەمیش هەر بەر لە دوکتۆر دەمرێ.

* * *

د.حەبیب موکری لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا خانە نشین کرا و پاشماوەی ڕۆژانی تەمەنی بە کاری کڕین و فرۆشتنی عەتیقەوە ڕابوارد و بۆ کاری تازەشی زۆرتر پێوەندی لەگەڵ چین و ژاپۆندا بوو. دوکتۆر حەبیب لە ئەمریکا بە **هێنری** Henry دەناسرا. لە ۱۵ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۶۹ی هەتاوی (= دوو شەممۆ، ۴ی February ۱۹۹۱)، لە تەمەنی ۹۵ ساڵیدا و لە برانستۆن _ئیندیانا- شیکاگۆ چاوی لە ژیان پۆشی و کۆچی دوایی کرد. یادی بەخێر.

*** *** ***

**سپاس لە هونەرمەندی خەتخۆش، کاك قاسم ئیسماعیلزادە، برازای دوکتۆر حەبیبوڵڵای موکری، کە ئەم زانیارییانە و چەند وێنە و بەڵگەنامەی پێدام.**

## دەقی نامەکەی میرزا جەوادی قازی بۆ میرزا حەبیبی ئیسماعیلزادەی موکری

*بە وەرگێڕانی کوردی و وێنەی ئەسڵی دەستخەتتەکە*

به تاریخ ٢٦ می ١٩٢٣

هموطن محترم عزیز

گرامی رقیمۀ سرکار مرقوم تاریخ ٨ آوریل جاری زیارت گردید و باعث مسرت و خوشوقتی فوق‌العاده برای بنده گردید. روابط و علاقۀ دوستی تامه مرحوم ابوی جناب عالی نسبت به خانوادۀ مخلص هنوز در خاطرم تازه است و کهنه و فراموش نشده و شدنی هم نیست و ارادتی که نسبت به آن مرحوم داشته‌ام بدون کسر و نقصان دربارۀ جنابعالی هم موجود است.

شرحی راجع به مسافرت آلمان و تحصیل فن طب در اینجا مرقوم فرموده بودند از صمیم قلب این نیت حسنه و مقصد خیریۀ سرکار را تقدیس و تمجید می‌نمایم. بسیار خیال خوبی است و فکر صائب است. خداوند امثال شما جوانهای وطن‌پرست را صد چندان فرماید که به نشر معارف اضأ تمدن و نوری در افق تاریک و ظلمات جهل این ولایت بدبخت قدم برداشته و حاضر فداکاری هستید. سؤالات جناب‌عالی را یکی راجع به تحصیل طب و دیگری متعلق به وضع زندگی و مخارج آلمان ذیلاً جواب می‌دهم؛ در موضوع تحصیل طب کسب علم طب در دارالفنونهای آلمان از اول الی آخر پنج سال طول دارد. نصف آن در تحصیل مقدمۀ طب از قبیل تشریح، فیزیولوجی، شیمی، فیزیک و غیره صرف می‌شود بقیه در کلینیک و مریض‌خانه‌ها. شرط داخل شدن و پذیرفتن در دارالفنون برای خود آلمانیها (باکالوریا) یعنی دیپلوم اختتام مکاتیب عالیه می‌باشد. برای خارجی‌ها تصدیق‌نامه از مکاتیب و مدارس مملکتی خودشان لازم است. چون بنده از پایۀ تحصیل و معلومات سرکار بی‌سابقه هستم نمی‌توانم تمیز بدهم و نمی‌توانم پیش از وقت چیزی عرض نمایم. در موضوع مخارج و زندگی به واسطۀ تنزل فوق‌العاده مارک آلمان مخارج محصل نسبت به اوضاع قبل از جنگ ارزان است و سرکار می‌توانید ماهی به ٣ الی ٤ لیرۀ انگلیسی مخارج زندگی و تحصیل را راه بیندازید و اگر خیلی قناعت و صرفه‌جویی بکنید از این هم کمتر ممکن است. در صورتی‌که اوضاع معیشت این مملکت این طور باقی و در این میزان بماند، پولی که اینجا خرج می‌شود مارک آلمان است که امروز مقابل است ٢٥٠٠٠٠ با یک لیرۀ انگلیسی و احتمال دارد که مارک بیشتر از این هم تنزل بکند و از این جهت موقع خوب و فرصت غنیمت است. محصلین ایرانی به ملاحظۀ ارزانی در آلمان خیلی زیاد شده است، قریب پانصد نفر می‌باشند. آمدن سرکار به اینجا خیلی صلاح است و بنده بدون شک تصویب می‌نمایم. در صورتیکه میل به تحصیل طب هم نکردند، انواع فنون و علوم هست که به درد خود انسان و حال مملکت خوب می‌خورد. سرکار از طرف بنده آسوده‌خاطر باشید که از هیچگونه همراهی و خدمت در حق سرکار مضایقه نخواهد شد و نظر به طول مدت اقامت اینجا و اطلاع به حال این مملکت خوشبختانه می‌توانم مصدر هرگونه خدمت و کمک برای سرکار بشوم و این را سعادت و افتخار خود می‌شمارم که مستقیماً به سرکار و غیرمستقیماً به وطن مدد معنوی نموده باشم. صلاح است بدون معطلی مسافرت کنید. ضمناً عرض می‌شود که سعی کنید یک توصیه‌نامه از سفارت آلمان در طهران دست بیاورید که خیلی به کار می‌آید. علاوه بر این در صورت امکان یک تصدیق‌نامه از یکی از مدارس طهران و حتی اگر شدنی است از دارالفنون طهران بگیرید که خیلی معاونت خواهد کرد. تصور می‌کنم این مختصر توضیحات برای خیال و نیت سرکار تا یک اندازه شافی و کافی باشد.

از ولایت خراب مدتی است بی‌خبر می‌باشم. اگر سرکار خبری داشته باشید و مرقوم فرمائید ممنون خواهم شد. در صورت مسافرت، از راه مسکو بیائید. زیاده امیدوارم ملاقات سرکار در برلین مرزوق و نصیب گردد.

مخلص حقیقی

جواد قاضی

هاووڵاتیی بەڕێز و خۆشەویست ڕێکەوتی ٢٦ی مەی ١٩٢٣

نامە بەنرخەکەتانم لە ٨ ی ئاوریلی ئەمساڵدا زیارەت کرد و پێی گەشامەوە. پێوەندییە تایبەتییەکەی خوالێخۆشبووی باوکتان بە بنەماڵەی ئێمەوە، هەمیشە لەلام تازەیە و نە کۆن دەبێ و نە لەبیریش دەچێتەوە. ئەو خۆشەویستییەی بەرامبەر خوالێخۆشبووەکە هەمبوو، بە هەمان ڕادە بەرامبەر ئێوەش هەمە.

شەرحێکت دەربارەی سەفەری ئاڵمان و خوێندنی پزیشکی لێرە، بۆ نووسیبووم. بەندە لە کانگای دڵەوە بڕیاری جوان و ئامانجی خێرتان پیرۆزبایی و ستایش دەکەم. خەیاڵێکی باش و بیرێکی ڕاستە. خودا وێنەی ئێوە گەنجانی وڵاتپارێز سەد هێندە بکا، چونکە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەڵدانەوەی شارستانییەت و ڕووناکی لە ئاسۆی تاریک و پەردەکانی نەزانیی ئەم وڵاتە بەدبەختە هەنگاوتان هاویشتووە و ئامادەی فیداکارین لەم ڕێیەدا. پرسیارەکانی بەڕێزتان، یەکیان دەربارەی خوێندنی پزیشکی و ئەوی‌تریان لە بابەت ژیان و خەرجی ئاڵمان، لە خوارەوە وەڵام دەدەمەوە؛لە بابەت خوێندنی پزیشکییەوە، ماوەی تەواوکردنەکەی لە خوێندنگەکانی ئاڵمان، سەرجەم پێنج ساڵە، کە نیوەی ئەو ماوەیە بۆ فێربوون و خوێندنی پێشەکی و سەرەتاکانی پزیشکی بە گشتی ، وەك: ئاناتۆمی، فیزیولۆژی، شیمی، فیزیك و هەندێ بابەتی تر تەرخان دەکرێ؛ و نیوەکەی تریش کارکردنە لە نەخۆشخانەکان و ناوەندە پزیشکییەکاندا. مەرجی وەرگیران لە زانکۆ بۆ هاووڵاتییانی ئاڵمانی بە دەستەوە بوونی (باکالۆریا) واتە دیپلۆمە؛ بۆ کەسانی هەندەرانیش بەڵگەنامەی خوێندنگەکانی وڵاتی خۆیان پێویستە. چون بەندە ئاگاداری بەڵگەنامە و پلە و ڕادەی خوێندنی جەنابتان نیم، لەم بابەتەوە ناتوانم هیچ بڵێم. دەربارەی گوزەران و چۆنییەتی ژیانی ئێرەش، بە هۆی دابەزینی لە ڕادە بەدەری مارکی ئاڵمان، خەرجی خوێندکار بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زەمانی بەر لە شەڕ، هەرزانە، ئێوە دەتوانن مانگێ بە ٣ تا ٤ لیرەی ئینگلیسی ژیانی ڕۆژانە و خەرجی خوێندنەکەتان دابین بکەن. ئەگەر بێتو دەستیش پێوە بگرن، ئەوە بە کەمتر لەوەش کارتان جێبەجێ دەبێ. ئەگەر بارودۆخی ئێرە هەر بەم چەشنە بڕواتە پێش، لەوانەیە نرخی مارك کە ئێستا ٢٥٠٠٠٠ی بەرامبەری یەك لیرەی ئینگلیسە، لەوەش پتر دابەزێ. کەوایە کاتەکە زۆر لەبارە و دەرفەتێکی باش هەڵکەوتووە. هەر بەو بۆنەشەوە خوێندکاری ئێرانی ڕوویان کردووەتە ئاڵمان و تا ئێستا نزیکە پێنسەد کەس دەبن. هاتنتان بۆ ئێرە زۆر کارێکی بەجێیە و بەندەش بێ‌گومان پەسندی دەکەم. ئەگەر هاتو پزیشکیشتان نەخوێند، پیشە و زانستی وا لێرە هەیە کە هەم بە کاری مرۆ خۆی دێت و هەم بۆ داهاتووی وڵاتیش بە کەڵکە. بەڕێزتان لە لایەن بەندەوە خاترجەم بن کە لە هیچ هاوکاری و خزمەتێکتان کۆتایی ناکرێ، چونکە لە ڕوانگەی مانەوەی زۆرم لێرە و شارەزاییم لە هەڵسوکەوتی ئەم وڵاتە، دەتوانم لە هەر بارێکەوە خزمەت و هاریکاریتان بکەم، و ئەوەش بە شانازی دەزانم کە ڕاستەوخۆ بە ئێوە و ناڕاستەوخۆش بە نیشتمان خزمەتێکم کردبێ. چاکتر وایە هەرچی زووتر ساز بن. با وەبیریشتان بێنمەوە کە هەوڵ بدەن نامەیەکی ڕاسپێریی باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران وەربگرن، چونکە لێرە زۆر بە کارتان دێ. جگە لەوەش، ئەگەر بۆتان لوا بەڵگەنامەی یەکێك لە خوێندنگەکانی تاران وەربگرن، تەنانەت ئەگەر گونجا، هی دارالفنوون بێ باشترە، چون دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆتان. لام وایە ئەم کورتە لێدوان و شی‌کردنەوانەم تا ڕادەیەك بۆ کار و بڕیاری ئێوە بەکەڵك بن.

ماوەیەکە لە زێدی وێران بێ‌خەبەرم، ئەگەر بەڕێزتان هەواڵێکتان هەبێ بۆم بنووسن زۆر مەمنوونتان دەبم. کە هاتی، بە ڕێگای مۆسکۆدا وەرە. هیوادارم بە دیتنتان لە بەرلین بەهرەمەند بم.

دۆستی پاك و بەڕاستیتان

جەوادی قازی



Dr. jur. Djevad Kasi
Fernsprecher Uhland 2339
Berlin-Wilmersdorf, den
Detmolder Straße 3
— Allemagne —

**دەقی دەستخەتتەکەی میرزا جەوادی قازی، لە بەرلینەوە بۆ میرزا حەبیبی ئیسماعیلزادەی موکری**